# کێشەی ئەتۆمیی حکوومەتی ئیسلامی ئێران.لە نێوان هەڵوێستی جیهانی و ناسیونالیزمی ئێرانیدا

خەلیل غەزەڵی

سەرەنجام پاش هەڕوگیف و هارت و پوورتێکی نێو بەتاڵ ، هەروەک چاوەڕوان دەکرا "یەکێتیی ئوروووپا" لە داخوازی خۆی بۆناردنی ڕاستەوخۆی پەروەندەی ئەتومیی ئێران بۆ شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پاشەکشەی کرد. پاساوەکەشی بەو شێوە ڕاگەیەندرا کە دەیانەوێ جارێکی دیکەش هەڵس و کەوتی "دیپلوماتیک" تاقی بکەنەوە؟! لە بەرانبەردا ئێران بە پەلە بە پێشوازی ئەو هەڵوێستەوە چوو و بەچەشنێ بە دەسکەوتی هەڕەشە و گوڕەشەکانی خۆی لەقەڵەمدا. هەر لەوکاتەشدا،لووت بەرزانە ڕایگەیاند کە ئێران( تۆ بخوێنەوە ئاخوندەکان) ژێر باری هیچ بڕیارێکی دیکە ناچی و بە هیچ شێویەک دەس لە پروژەی پیتاندنی یورانیوم هەڵناگرێت .

بە پێی ڕاپورتەکان بڕیار وابوو ،سێ وڵاتی بریتانیا ،فەرانسە و ئاڵمان لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومیدا کە بە "کۆبوونەوەی شووڕای دادوەریی ئاژانسی نێونەتەوەیی" ناونراوە، داوا لەم ئاژانسە بکەن کە کێشەی ئەتومیی ئێران بە پەلە ڕەوانەی شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەکانی یەکگرتوو بکات . بۆ ئەم مەبەستەش گەڵاڵەیەکیان بە هاوکاری و پشتیوانیی وڵاتانی ئامریکا ، ئوسترالیا ، کانادا ، ژاپون و چەند وڵاتی دیکە ئامادە کردبوو . بەڵام هەروەک ئاماژە کرا لە کاتەکانی ئاخردا لە ئیدیعاکانی خۆیان پاشگەز بوونەوە . دیارە لە درێژەی کۆبوونەوەکاندا لە سەر پێداگرتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ،گەڵاڵەیەکی دیکەیان هێنایە ئاراوە کە هێندێک سووکە هەڕەشەی بێ ماڵیات وزەریبەی لەحکوومەتی ئێرانی تێدایە و بڕیاو وایە لە داهاتوو( یەکی نادایار) دا پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران ڕەوانەی شوورای ئەمنییەت بکرێت. بەڵام بە دژایەتی کردنی وڵاتانی چین و رووسیا کە خاوەنی مافی "ڤیتۆ"ن ، ئەگەری هەڵگرتنی هەنگاوێکی کاریگەر دژی حکوومەتی ئیران زەحمەت خۆی دەنوێنێ.

ئەوەی کە ئەنجامی کۆبوونە و ڕاوێژ لەم بارەوە چێ دەبێ ، هیچ لە ئەسڵی کارەکە واتا خۆتەیار کردنی حکوومەتی ئیسلامی بە وزەی ئەتۆمی و شان بە شانی چەکی کۆمەڵ کوژ و ناوۆکی ،کەم ناکاتەوە. حکوومەتی ئێران ڕایگەیاندووە بە هیچ شێوەیەک دەس لە تاقیکردنەوە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە وزەی ئەتۆمیی و کەڵک وەر گرتنی "ئاشتیخوازانەی"(ئەویش ئاخوندی فاناتیک) لەم سەنعەتە هەڵناگرێت . کەوابوو لە هەموو کەس وبەتایبەت لە هەر سێ وڵاتی ئوروپایی ( ئاڵمان ، بریتانیا وفەرانسە ) ئامانج و پرۆگرامەکانی حکوومەتی ئیسلامی روون و ئاشکرایە. وەک لە وتارە هاوبەشەکەی وەزیرانی دەرەوەی ئەم وڵاتانە لەگەڵ خاویر سولانا (قسەبێژی سیاسەتی دەرەوەی کۆمەڵگەی ئوروپا)کە لە ڕۆژنامەی گاردیەندا بڵاوکرایەوە. ئەو ڕاستییە ئاماژەی پێکراوە کە حکوومەتی ئێران لە هەڵسو کەوتەکانیدا درۆ دەکات و بە دزیەوە پروگرامە ئەتومییەکانی دەباتە پێش . هەر وەها ئەوەش دیارە کە ئەم وڵاتانە( ئاڵمان ، بریتانیا وفەرانسە ) هێندە کە بە تەنگی پێوەندیەکانی ئابووری لە گەڵ حکوومەتی ئێرانن ، یەک لە سەدی ئەوە مشووری خۆ پڕ جەک کردنی ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆ و لاسارە ناخۆن. ئەگەر جار و بار ڕەخنەیەکیش دەگرن لە بەر تەوژمی بیروڕای گشتیی و بە تایبەت زەخت و فشاری دەوڵەتی ئامریکایە . گەرچی هیچکات بەرژەوەندیە ئابوورەکانی خۆیان فەراموش

نەکردووە. واتا کورد گوتەنی تا ئێستا"هەم لە ناڵیان داوە و هەم لە بزمار". بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا شتێکیان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران هێشتووەتەوە . کە نموونەی ئەم پاشەکشەی بوو کە لە سەرەوە باسی کرا.

ئەوەی کە هەر وڵاتێک بیەوێ لە پێشچوونی پیشە سازی و تێکنولۆژی کەڵک وەرگرێ ،مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیەتی. واتا هیچ دەوڵەت و لایەنێک بۆی نییە پێش بە وڵاتێک بگرێت کە هەوڵی گەشە و دەسخستنی تیکنولوژی بدات . بەڵام هەر لەبەر ئەم مافە، ئایا هەرکەس ئارەزووی کرد بۆی هەیە خۆی بە ئاخرین چەکە "مورێرن"ەکان تەیار بکات؟ بێگومان وەڵام نەیە . چوونکە یەکەم پێشچوون و تێکنولوژی تەنیا چەکی ئەتۆمی نییە . دووەم بوونی ئەم چەکە لەدەستی دەسەڵاتێکی بێ مەسئوولییەت و سەرەڕۆدا ،مەترسییە بۆ مروڤایەتی و ئاشتیی جیهانی.وەک ئەوەی سەدام لەدەرهەق گەلی کورد ئەنجامیدا.

بۆ نموونە حکوومەتی ئیسلامی وەک نوێنگەی فاناتیزم و دواکەوتوویی و بێپرەنسیپی ، ئەوە ماوەیەکە بە هەزینە کردنی میلیاردها دولار لە سامانی نەتەوەیی ، بەرنامەیەکی زۆر پان و بەرینی بە مەبەستی دەستخستنی چەکی ئەتۆمی وەرێ خستووە . ئەم حکوومەتە بەرواڵەت ، ئەم کارەی بەناوی پێک هێنانی وزەی کارەبا و بە ئاشکرا ( لە گەڵ رووسیا) دەبردە پێش . شان بە شانی بەرنامە ئاشکراکانی ، بە نهێنی یش چەند پێگەیەکی بۆ پیتاندنی یورانیوم (مادەیەکی سەرەکی بۆ پێکهێنانی چەکی ئەتومی) پێک هێنا و بە وەرێ خستنی تۆری مافیایی لە سەرتا سەری جیهاندا ( هەر لە رووسیە و ئوکراینەوە تا ئامریکا و ئوروپا و پاکستان و...) کەوتە کڕینی بە دزیی ئامراز بۆ جێبە جێکردنی پلانەکانی . بەڵام وەک دیتمان ئەم ناوەندانە( لە نەتەنز و ئەراک و ئیسفەهان و..) یەک لەدوای یەک لەقاو دران و دەستی درۆزنانە حکوومەتی ئێران کە دەیگوت، تەنیا بۆ مەبەستی ئاشتی خوازانە و بۆ وزەی کارەبا ئەم کارانە دەکات ، کەوتە روو . هەر ئەوەش بوو کە ئامریکا هەلی بۆ هەڵکەوت و بەدژی بەرنامە ئەتومییەکانی ئێران هەڵوێستێکی توند و سەرسەختانەی گرت . لەو کاتەوە ئەمە ( بەرنامەی ئەتومیی حکوومەتی ئیسلامی) بووەتە کێشەیەکی قووڵ، و تەنگەژەی نێوان حکوومەتی ئێران و ئامریکای توندتر لە جاران کردووە .

ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر حکوومەتی ئێران ڕاست بکا و تەنیا مەبەستی لە گەیشتن بە تێکنولوژیی ناوۆکی، "ئاشتی خوازانە" و وزەی کارەبا بێ؛ هەموان دەزانن کە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئێران بە هێچ شێوەیەک پێویستیی بە وزەی ئەتۆمی نییە. چوونکە یەکەم ،ئەو وڵاتەی کە ئیمرۆ بەناوی ئێران ناوی دەبەن ،لەسەر دەریای نەوتە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی دز و تاڵانچی نەبن ، دەتوانن هەم وزەی کارەبای وڵات دابین بکەن و هەم بەو داهاتەی کە لە نەوت بەدەستی دێنن، پێش بە هەژاری و نەداریی زیاتر لە نیوەی وڵات کە بە ئیقراری ناوەندەکانی حکوومەتی لە ژێر هێڵی هەژاریدان ، بگرن . ئایا بەڕاستی لە وڵاتێکدا کە هەژاری بێداد دەکات و گورچیلە فرۆشتن و لەش فرۆشتن و تەنانەت منداڵ و جگەر گۆشە فرۆشتن وای لێهاتووە کە وەک دیاردەیەکی ئاسایی چاویان لێدەکرێ ، تێکنولوژیی ناوۆکی بەکاری چیدێت . بەڵام هەموو دیاردەکان ئەوە دەسەلمێنن کە حکوومەتی ئێران درۆ دەکات و بە بەرنامەوە دەڕوات کە چەکی ئەتۆمی وەدەست بخات .

ئەم حکوومەتە لە هەلومەرجی ئێستادا و پاش نەمانی جیهانی دوو جەمسەریی و نە بوونی مەیدانی مانۆڕ لەگەڵ یەکێک لە جەمسەرەکان ، دەس خستنی چەکی ئەتۆمیی کردووەتە ئیستراتێژیی خۆی . مەبەستیشی ئەوەیە کە ئەگەر نەتوانێ بەکاری بێنێ ، لانی کەم وەک مەتاڵ و سپەر لە بەرانبەر گوشارەکانی نێونەتەوەیی و بەتایبەت ئامریکا و ئیسرائیلدا بەکاری بێنێ . بۆ ئەم کارەش لە ئەزموونی "کووریای باکوور" کەڵک وەر دەگرێت . وەک دەزانین"کووریای باکوور" سەرەڕای نەداری و برسی بوونی خەڵکە لە زیندان کراوەکەی، توانیویە چەکی ئەتۆمی دەست بخات ( یا لێی نیزیک بێتەوە) . هەر بەو هۆیەش کەوتە هەڕەشەکردن لە بەرەی دژبەرانی خۆی (کووریای باشوور و ئامریکا و ژاپون و..) و بە تاقی کردنەوەی مووشەکێکی دوور هاوێژ بۆکەنارەکنی ژاپون ، دژبەرانی تێگەیاند کە دەستی تا کوێ دەروات . ئەوەش بوو کە لەو رێگەوە تا ئیستا خەریکی باج وەرگرتنە .

بەڵام حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەتەواوی لە هەلەدایە ، چوونکە هەلومەرجی ئێران لە گەڵ کووریا وەک یەک نین. لەلایەک دەسەڵاتی ئێران بە بوونی ناوەندیی فرەی بڕیار دەر و هەروەها شەری دەسەڵات لە نێوان باڵ و لایەنە جیاوازەکاندا هیچی وەک دەسەڵاتە یەکدەستەکەی"کووریای باکوور" ناچی. و لە لایەکی دیکەوە لە نێوخۆدا لەگەڵ دژایەتیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک دەرگیرە و لە ئاستی دەرەوەشدا باش دەزانێ کە نە ئامریکا و نە ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەک ناهێڵن ئەم حکوومەتە دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات . تەنانەت ئەگەر تاوانی زۆریشیان بۆ دابێ.

جێگەی خۆیەتی کە لێرەشدا ئامازەیەکی کورت بە هەڵوێستی دەوڵەتی ئامریکا لە مەڕ بەرنامەی ئەتومیی ئێران بکرێت. گەرچی دژایەتی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ بەرنامەکانی ئێران چ ئێستا و چ لە داهاتوودا دەتوانێ کۆسپی گەورە لەرێگەی بەرزەفریەکانی ئاخوندەکان پێک بێنێ. بەشێوەیەک کە ئەگەری تێکهەڵچوونی نیزامی یا لێدان و بومبارانی ناوەندەکانی بەرهەم هێنەری وزەی ئەتومی ئێران بە دوور نابینرێت، بەلام ڕاستی ئەوەیە کە هەڵوێستی ئامریکا خێرخوازانە نییە . چوونکە، لە لایەک ئیسرائیل (بەیارمەتیی تێکنولوژیی ئامریکا) بووە بە هێزێکی ئەتۆمی و لە لایەکی دیکەوە پاکستان هەر وەتر . بەڵام ئامریکا لە ئاست ئەم وڵاتانەدا ئەگەر یارمەتییان نەدا ،لانی کەم گوێی خۆی لێ خەواندووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم دوو وڵاتە لەو ئاستە سەقامگیرییەدا نین کە ئەتومی بوونیان بێ مەترسی بێ . ئیسرائیل گەرچی قەت هیچ پەیماننامەیەکی بەربەستکردنی چەکە کومەڵ کەژەکانی ئیمزا نەکردووەو ڕاستەوخۆ دانی بەوەدا نەناوە کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە. بەڵام زۆرجار ڕاستەوخۆ یا لاوەکی هەڕەشەی هێرشی ئەتومیی بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی و "دوژمان"ی خۆی کردووە . پاکستانیش وەک دەزانین لە لایەک وڵاتی نیزامییە چەکمە رەقەکانە ، و لە لایەکی دیکەوە ئیسلامی سیاسی و فاناتیزم لەم وڵاتەدا لەو پەڕی خۆیدایە و تەنانەت لە نێو هێزی چەکداری (ئامریکا ساختەی) دا ژمارەیەکی زۆر موسوڵمانی فاناتیک هەیە . کە تەنانەت ئەفسەرانی پایەبەرزیشیان تێدایە . بۆیە هەر ئان ئەو ئیمکانە هەیە کە کوودتایەکی سەربە ئیسلامی سیاسی لەم وڵاتە رووبدات ( لە چەشنی ئەوەی بەشیر لە سوودان ئەنجامی دا). جا ئەوکات جیهان دەبێ رووبەرووی چ مەترسییەک بێتەوە ؟ دیارە هەر ئێستا ناوەندەکانی ئیتلاعاتی ئامریکا و پاکستان هەست بەو مەترسییە دەکەن و پەیتا پەیتا ئەفسەری توند رەوی ئیسلامی شناسایی دەکەن و وەلایان دەنێن . بەڵام ریشەی ئیسلامی فاناتیک هێند لە کۆمەڵگەی پاکستاندا رۆ چووە ،کە پاک کردنەوەیان لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا نا مومکینە.

بەم نموونانەی کە باسکرا ، دەتوانین ئیدیعا بکەین کە ئامریکا لە سیاسەتە جیهانییەکانیدا تەنیا چاو لە بەرژەوەندیی (هەنووکەیی) خۆی دەکات . ئیدی لە داهاتوودا خەلکی ولّات یا ناوچەیەک چییان بەسەردێت بۆ ئەو گرینگ نییە . وەک ئەوەی ئێستا لە ئێراق دەیبینین.

هەر لەم پێوەندیەدا بە کورتیش بووە پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت ،کە هێندیک لە خەڵکانی دەرەوەی حاکمییەتی ئێران و جار جار، خەڵک و لایەنی "ئۆپۆزیسیون"!! ، بە هێنانە گۆڕی "هەستی نەتەوەیی" و "غرور میلی" باسی ئەوەدەکەن کە ئەتومی بوونی ئێران ،پێوەندیەکی بە کۆماری ئیسلامییەوە نییە . و "ئێران" مافی خۆیە ببێتە هێزێکی ئەتۆمی . جێگەی سەرنج ئەوەیە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئیرانیش ،کە لە ژیانیدا دژی نەتەوە و نەتەوەگەری بووە و تا بووە باسی " ئومەت"ی کردووە ؛ بۆ قازانجی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە ئەسڵێکی مەزهەبی بە ناوی "تەقییە" ،باسی "هەستی نەتەوەیی" و "غروری میلی" دەکات . بۆیە ئەو بەشە لە "ئۆپۆزیسیون" دەبێ باش بزانن کە بەو هەڵوێستەی خۆیان ؛ خزمەت بە حکوومەتی ئیسلامی دەکەن . ئایا ئەم کەس و لایەنانە نازانن کە حکوومەتی ئیسلامی ئەگەر چەکی ئەتۆمیی دەس بکەوێ چ مەترسییەک رووبەڕووی ناوچە و تەنانەت ئاشتیی جیهانی دەبێتەوە؟ جیا لەوەش ئەتومی بوونی ئێران ( بە هەر دەسەڵاتێکەوە) چ پێوەندیەکی بە هەستی نەتەوەیی و غرووری میللی هەیە؟ ئایا ئەتۆم ، لە حالّی حازردا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە یا هەڕەشە و دەسدرێژکاری و کوشتار بۆ سەر کۆمەڵگە و بەتایبەت خەڵکی سویل ؟ بۆیە جێگەی خۆیەتی کە لە سەداقەتی ئەو بۆچوونەی کە ئەتومی بوون بە "غرووری میللی" دەزانێ شک و گومان بکرێ. بێگومان ئەو شێوە بیر کردنەوە ،لە لایەن هەر کەس و ناوەندێکەوە هیچ پێوەندیی بە کۆمەڵانی خەڵک و مافە کانیانەوە نییە . لە هێچ شووێنێکی ئەم جیهانە نەبینراوە و نەدیتراوە کە خەڵکانی کۆمەڵگەیەک خوازیاری چەکی تەفرو تووناکەر بووبن . ئەوە تەنیا دەسەڵاتدارانی سەرەرۆ و دوور لە خەڵک و کەسانی فراوان خوازن کە بە پێچەوانەی بیری ئاشتیخوازانە و یەکسانی مرۆڤایەتی ، لەبیری ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان بە هەر تاوانێکن .

هەروەک باسکرا تێکنولوژی بوارێکی بەر فراوانی هەیە و تەنیا ئەتۆم نییە . زۆر بواری دیکەی تێکنولوژی هەیە کە پێویستی بە هەزینەکردنی میلیاردیی سامانی ولّاتان نییە و بە ئاسانی دەستەبەر دەبن و خزمەت بە کۆمەڵ دەکەن. وەک بوارەکانی پزیشکی ، پێوەندی ، لێکۆڵینەوەکانی رانستی و ئاسایشو ئاسانکاریی ژیانی ئینسانەکان. ئەگەر دەسەڵاتێک هەڵقولّاوی خواستی جەماوەر بێت ،بێگومان بە هەڵبژاردنی ئەم بوارانە خزمەت بە گەشەی ولّات و خەڵکەکەی دەکات. و هەر لەوکاتەشدا هیچ هێز و دەسەڵاتێک ناتوانێ پێش بە دەسخستنیان بگرێت. بەڵام ئەمە کۆماری ئیسلامیی و خوازیارانی بووژانەوەی "ئێرانی پاشا خوێنڕێژەکان ناگرێتەوە .

**رەزبەری 2005**